# مادلین

نوسینی : نازم حیکمەت

وەرگێڕانی : احمد محمد اسماعیل

لـە کـتێبی :
YAYINLANMAMIS ASERLER

**ئەم سیناریۆیە لە ساڵی ١٩٥٣دا نووسراوەو ساڵی ١٩٧٧ بڵاوکرایەوە ، تائێستاش بە فیلم نەکراوە . .**

جێگا «پاریس»ە ، مادلین لە ژوورەکەی خۆیدایە ، لە گرامافۆنێکەوە ئاوازێکی «رۆبسون»(١) . دایکی مادلین دروومان دەکات .

مادلین : چ ئاوازێکی کاریگەری پڕ جۆش‌و خرۆشە ، وانی‌یە دایە ؟ .

دایکە : وایە ، دڵ بە کەباب دەکات . . بەلاّم ، چوزانم . . خۆمان دەردمان کەم‌نی‌یە . . دەڵێم دەبا گوێ لە ئاوازێکی دڵ‌کەرەوە بگرین .

ماڵی مادلین لە کۆڵانێکی تەسك‌و تروسکی بێ هەتاودایە ، هەندێ لە هات‌وچۆکەران لە بەردەرگای ماڵی مادلین‌دا راوەستاون . پەنجەرەی ژوورەکەی مادلین لە نهۆمی دووەمدایە ، کراوەیەو بەسەر کۆلاّنەکەدا دەڕوانێ ، هەندێ کەس لە خوارەوەن گوێ لە ئاوازەکەی رۆبسون دەگرن .



«پییەر» دڕ بە خەڵکەکە دەدات ، تا دەگاتە بەردەرگاو دەچێتە ژوورەوە .

دەرگەوانە ئافرەتەکە : خوشکەکەت فێری بەزمێکی نوێ بووە بۆ پروپاگەندەکردن . . . . بە گرامەفۆن . . .

پییەر : لاوە . . چەنەمەدە . . .

ژوورەکەی مادلین . . گۆرانی‌یەکە بەردەوامە . . پییەر دێتە ژوورەوە . توڕەیە .

دایکە : پییەر . .

پییەر قەوانی سەر گرامافۆنەکە لا دەبات ، گرامافۆنەکە لە بۆشی دەخولیتەوە . پییەر وای‌نیازە قەوانەکە لە پەنجەرەکەوە فڕێ بداتە دەرەوە .

مادلین : نەکەی . . «پییەر دەوەستێ» . کوا بزانم . .
(قەوانەکە لە دەستی پییەر دەستێنێ . گرامافۆنەکە ڕادەگرێت‌و قەوانەکەی دەخاتەوەسەر) .

پییەر : ڕقم لێتە ، ڕقم لە تۆو پێست رەشەکانی لای تۆن .

مادلین : من بەزەیم بە حاڵی تۆدا دێ . . برام ، من

نەفرەت لەو کەسانە دەکەم کە تۆیان بەم حاڵە گەیاند !
دایکە : ئەوە هەمدیس چیتانە . با کەمێ دڵتان بە من . . بە دایکتانا بسووتێ .
پییەر رۆڵە ، تۆ دوای سێ رۆژی تری ، سێ رۆژی تری نابات دەرۆی ، لەوانەیە چەند ساڵێکی کە یەکتری نەبینن . . لەوانەیە . . .
پییەر : بەڵکو من لەوێدا ، لە دارستانەکانی هیندی چینیدا ، ببورە هاورێ ! ، ڤییەتنامی پیٚ‌دەڵێن وانی‌یە ؟ لە زونگاوو دەشتاییەکانی ڤییەتنامدا هەڵقرچێم‌و ئیتر گەڕانەوەم نەبێت . . .
دایکە : خودا بتپارێزێ . .
پییەر : دایکە دەگەڕێمەوە ، هەر دەبێت بگەڕێمەوە ، دڵدارەکەی مادلین دەتۆێنم‌و دەگەڕێمەوە . (وێنەی مادلین‌و ڤۆسۆن لە فیستڤاڵێکدا گیراوە پێکەوەن‌و بە دیوارەکەدا هەڵواسراوە) . شەرم ناکەی لەگەڵ ئەم مەیموونەدا وێنەت گرتووەو بە بەرچاو دایکەوە هەڵیدەواسی .
مادلین : نەخێر شەرم ناکەم . شانازی پێوەدەکەم .
پییەر : تۆ چ دەڵێی دایە ؟ .
دایکە : من . . من چوزانم ، هەڵبەتە مادلین لاوێکی بە دڵی خۆی هەڵبژاردووە .
مادلین : ئەو بە لای منەوە گونجاوترین کەسە بۆمن .
بێجگە لەوەش دڵ‌و بیرکردنەوەمان زۆر لە یەکترەوە نزیکن . .
پییەر : راستە ، هەردووکتان دوژمنی فەرەنسان
مادلین : کاتێك دەئاخڤی دەنگی بەرزمەکەرەوە . . . بۆ درۆ دەکەیت ؟ .
پییەر : بەڵام ناتوانیت ئەو راستی‌یە بشاریتەوە ئێستا ئەو والەوێدایەو دژی فەرەنسا دەجەنگێ .
مادلین : دژی فەرەنسا نی‌یە . .
پییەر : ئەی دژی کێ‌یە ؟ ! .
مادلین : تەماشای من بکە پییەر . . ئەو دژ بەو لایەنەیە کە ئەو چەکەی دەستی تۆی دروست‌کردووە ، دژ بە ئەمەریکا . . .
پییەر : بەڕاستی چەکی‌ی چاك دروست دەکەن .
مادلین : ئەوانەی تۆ لە گەڵیاندای ، ئەوەی سەرکردایەتی تۆ دەکات کێن ؟ کەسێکە سەر بە (S.S)[٢] .
پییەر : ئەوی بکەوێتە ئاوەوە دەست بۆ بنجگ دەبات .
مادلین : تۆ بۆ بۆئەوێ دەرۆی ؟ لەبەر ئەوەی تانکەکانی هیتلەر باوکت‌و هاوچینەکەی وێران‌کردووە ؟ ئەو چەکەت بە دەستەوەیە خاوەنەکەی لە کار دەری‌کردووی . . ئەنجامەکەی چۆن دەبێ ؟ چیرۆکێکەو ئێستا کۆتایی نایەت . . بە خۆت بزانی لەناویان بردووی .
پییەر : من بەمە رازیم . . .
مادلین : کە ئێستا بۆ ئەوێت دەنێرن پێت دەڵێن : پارەیەکی باشت دەست دەکەوێت . . تۆو ئەوانەی وەکو تۆن پێم ناڵێی چ پەیوەندی‌یەکتان بە فەرەنساوە هەیە ؟ تۆو ئەوانەن وەکو تۆ جێگای شەرمەزارین . . .
پییەر : کۆنفرانسەکەت تەواوبوو ؟ . .
مادلین : بەڵێ تەواو بوو .
پییەر : ئەمە چەندەمین جارە ئەم ووتانەم گوێ لێ دەبێت ؟
مادلین : بۆ ئەوەی نەبیت بە پیاوکوژ .
دایکە : مادلین ! ! .
مادلین : ببورە دایکە .
پییەر : پێش ئەوەی برۆم چاوم پێت‌دەکەوێت . . هیوادارم کە هاتم لە ماڵەوە بە تەنهایی . . خواحافیز دایە .
دایکە : رۆڵە پییەر . . . مادلین . پییەر (دایکە دەکەوێتە دوی پییەر . . . مادلین تەماشایان دەکات . . دواجار دەچێتە لای گرامافۆنەکەوە رۆبسون لە نیوەدا گۆرانی‌یەکەی دەست پیٚ‌دەکاتەوە) .

-٢-

یەکێ لە چاپخانەکانی پاریس . مادلین بەسەر یەکێ لە مەکینەکانەوەیە خەریکی کارکردنە سەرۆکی تیپ رێکخەرەکە

دێتە لای مادلین .

تیپ ڕێکخەرەکە : مەرحەبا مادلین .

مادلین : سەرچاو .

تیپ ڕێکخەرەکە : تۆ کتێبەکەی پرۆفیسۆر «دوێران» ڕێك دەخەیت وانی‌یە ؟ .

مادلین : بەڵێ . . بۆ چ بووە ؟ ! .

تیپ ڕێکخەرەکە : دەیەوێ یەکەم ڕاستکردنەوە خۆی بیکات .

مادلین : باشە با خۆی بیکات .

تیپ ڕێکخەرەکە : دەیەوێ ئەو کەسە بۆی ببات کە کتێبەکەی بۆ لێدەدات . تا چەند ئامۆژگاری‌یەکی هەیە بە خۆی بڵێت . .

مادلین : باشە دەیبەم . . کتێبەکەم بە دڵە . . ناشزانم کۆتایی بەچی دەگات . . ڕەنگە وەکو زۆر کەسی تری لە کۆتایی‌دا ئەنجامێکی باش بە دەستەوە نەدات . . ئەم ستوونە کە تەواو بوو بڕۆم ؟ .

تیپ ڕێکخەرەکە : بڕۆ ئەدرێسەکەی لە بەڕێوەبەرایەتی وەرگرە . . . ئەم ئێوارەیە بۆ کۆبوونەوە دێی وانی‌یە ؟ .

مادلین : بێ‌گومان دێم .

تیپ ڕێکخەرەکە : هیچ هەواڵ‌و سۆراخی پییەر نەبوو ؟

مادلین : نەخێر ، لەو کاتەوە ڕۆیشتووە تا نامەشی بۆ دایکم نەناردووە . .

تیپ ڕێکخەرەکە : کاتێ کە ڕۆیشت نەمان‌بینی . . لەمەدا گوناهی ئێمەشی تێدایە . . ئێ . . ئێوارێ یەکتری دەبینین . .

(تیپ ڕێکخەرەکە دەڕوات . مادلین بۆ ماوەیەك لە کار دەوەستێ ، غەمبار دیارە . . لە پڕێکا دەست بە کارکردن دەکاتەوە)

ژووری پرۆفیسۆر «دوێران» ، پەردەی پەنجەرەکانی دادراونەتەوە ، گلۆپێك بە بنمیچەکەدا شۆڕبۆتەوەو ژوورەکەی ڕووناك کردۆتەوە ، مێزەکە بەناڕێکی گەلێ شتی لەسەر پەرش‌و بڵاوە ، هیچ شتێکیشی لە ژوورەکەدا لە جێگای خۆی دانەنراوە . پرۆفیسۆر لە پشت مێزەکەوە خەریکە ، خزمەتکارێکی پیرەمێرد دێتە ژوورەوە . . .

خزمەتکارەکە : کچێکی گەنج دەیە وێ چاوی پێت بکەوێت .

پرۆفیسۆر : (سەر هەڵنابڕێت) دەبینی سەرم قاڵە .

خزمەتکارەکە : یانی ڕازی نیت . . . .

پرۆفیسۆر : (سەری هەڵنابڕێت) کێ ؟

خزمەتکارەکە : ئەو کچەی بۆ بینینت هاتووە .

پرۆفیسۆر : کچێکی گەنج ؟ .

خزمەتکارەکە : کچێکی جوانکیلەی . . .

پرۆفیسۆر : زۆر جوانە ؟

خزمەتکارەکە : من وای دەبینم . .

پرۆفیسۆر : چی وا دەبینی ؟ .

خزمەتکارەکە : جوانی‌یەکەی . .

پرۆفیسۆر : جوانی کێ ؟ .

خزمەتکارەکە : هی ئەوکچەی کە بۆ بینینی تۆ هاتووە . .

پرۆفیسۆر : ها . . چ دەوێت ؟ .

خزمەتکارەکە : لە چاپخانەوە هاتووە . .

پرۆفیسۆر : لە چاپخانەوە ؟ ئێ باشە . . جوانە ؟

خزمەتکارەکە : زۆر . ڕازی دەبیت بتبینێ ؟ .

پرۆفیسۆر : کێ ؟ .

خزمەتکارەکە : ئەو کچەی کە لە چاپخانەوە هاتووە .

پرۆفیسۆر : ها . بەڵێ ، بابێت . . هێناویە ؟

خزمەتکارەکە : چی ؟ .

پرۆفیسۆر : دەست نووسەکە .

خزمەتکارەکە : من چوزانم .

پرۆفیسۆر : ئەی تۆ چ دەزانیت ؟ .

خزمەتکارەکە : بپرسم ؟ .

پرۆفیسۆر : چی ؟ .
خزمەتکارەکە : کچە تیپ رێکخەرەکە بێتە ژوورەوە یان نە ؟
پرۆفیسۆر : تۆ چ دەڵێی ؟
خزمەتکارەکە : هەر ئێستا دەینێرمە ژوورەوە .
پرۆفیسۆر : کێ ؟ .
خزمەتکارەکە وەرام نادانەوە دەردەچێ .
پرۆفیسۆر : (سەر قاڵی پێوە دیارە . . بەدەم کارکردنەوە هەندێ جار لەبەر خۆیەوە دەدوێت . . ئەم کابرا پیرە خرف بووە خۆشی نازانێ چ دەڵێت . .
مادلین دێتە ژوورەوە . . .
پرۆفیسۆر هێشتا لەسەر کارکردن بەردەوامە ، مادلین بۆ چەند سات‌ێك تەماشای پرۆفیسۆرو ژوورەکەی دەکات . .
مادلین : وا هاتووم .
پرۆفیسۆر : (سەر هەڵدەبڕێت) ها ؟ ئەوە ئێوەن ؟
مادلین : لە چاپخانەوە هاتووم . . من کتێبەکەت ڕێکدەخەم .
پرۆفیسۆر : (مادلین کاغزەکان بە ڕێك‌وپێکی لەبەردەم دەنێ ئەم بلاوەیان پێ‌دەکات) چاکت ڕێك نەخستون . . .
مادلین : بۆ هەڵەی زۆرە ؟ .
پرۆفیسۆر : نەخێر . بە پێچەوانەوە ، هەڵەی کەم تێدایە بە جۆرێك پیاو سەری سوڕدەمێنێ ئەوەندە هەڵەی کەمە .
مادلین : شێوەی نووسینەکەت کەمێ تێکەڵ‌و پێکەڵ دیارە ، سەرەرای ئەمەش ئەوەی مەبەست بێ‌خوێنەر تێی دەگات .
پرۆفیسۆر : وادیارە شێوەی نووسینەکەمت بە دڵ نی یە ؟ .
مادلین : بە شێوەیەکی ترت بنووسیبایە تێگەیشتنی ئاسانتر دەبوو .
پرۆفیسۆر : ها . . . با جارێك دەست لەم باسە هەڵگرین . ئا ئەم چوونە سەردێرانەم بەدڵ نی یە . .
مادلین : چۆنت دەوێ ؟ .

پرۆفیسۆر : کەمێ لەولاتر بوایەن . دەزانم ئێوە ئەرزی کۆن بەکار دێنن بۆ چوونە سەردێر ، بەلام من دەمەوێت کەمێك لەولاترەوە دەست‌پێ‌بکەن . . تێگەیشتی ؟ .
مادلین : بەڵێ تێگەیشتم
پرۆفیسۆر : باشە . دانیشن . من خۆم هەڵەکان چاك دەکەمەوە . (پرۆفیسۆر دەست بەچاك‌کردنەوەی هەڵەکان دەکات ، مادلین دادەنیشێ ، تەماشای دەوروبەری خۆی دەکات ، هەڵدەستێ ، بەرەولای پەنجەرەکە دەڕوات ، پەردەکان هەڵدەداتەوە ، تیشکی رۆژ دەرژێتە ژوورەکەوە ، گڵۆپەکە دەکوژێنێتەوە ، دواجار دەڕوات پەنجەرەکە دەکاتەوە ، شنە بایەك خۆی بە ژوورا دەکات‌و یاری بە کاغەزەکانی سەر مێزەکە دەکات) .
. پرۆفیسۆر : ئەوە چ‌بوو ؟ کێ پەنجەرەکەی کردەوە ؟
مادلین : من . . .
پرۆفیسۆر : خێراکە پیوەیدە ، پەردەکانیش دادەرەوە .
مادلین : نەخێر . . کە دەرەوە هەتاوبێت‌و پەنجەرەکە گیرابێت‌و پەردەکانیش دادرابێتەوە کار کردن لە ژوورێکی خنکاوی وادا جۆرە شێتی‌یەکە . . .
پرۆفیسۆر : چیت ووت ؟ . .
مادلین : دەبێ لە ژوورێکدا کار بکەیت تیشکی خۆری بەرکەوێت‌و خاوێن بێت .
پرۆفیسۆر : تۆ فێرم دەکەی لە کوێ‌و چۆن کار بکەم ؟ . ژوورێك لە کۆلانێکی قەڵەبالغدا بێت‌و پەنجەرەکەی والاو کراوەبێت چۆن لە ژوورێکی ئاوادا کار ئەنجام دەدرێت‌و عیلمی تیا دەنووسرێت . .
مادلین : کتێبێکی پڕ سوود دەنووسی . . . .
پرۆفیسۆر : کتێبێکی پڕ سوودم نوسیوە ؟ مانای چی‌یە ؟ .
خۆ کتێبی چێشت لێنان نی‌یە تا سوودی هەبێت من . . . . .
مادلین : ئەو کتێبەی کە دژی پیلانی (شۆمان) نووسیوتە . . .

پرۆفیسۆر : دژی پیلانی شۆمان ؟ من . . چ روویداوه تا ئەوه بنووسم . . من نه دژایەتی کەس دەکەم وەنە لایەنی کەس دەگرم . . عیلم بێ‌لایەنە خانم . . .

مادلین : با وابێت . . هەڵەکانت چاککردەوه ؟ .

پرۆفیسۆر : نەخێر . . کەمێکی تری چاوەڕێ بکەن .

پرۆفیسۆر بەردەوامە هەندێ کتێب لەوناوەدا کەوتوون مادلین کۆیان دەکاتەوەو لەسەر مێزێك ڕێکیان دەخات .

پرۆفیسۆر کارەکەی تەواو دەکات . سەری هەڵدەبڕێ ، بۆ ماوەیەك تەماشای مادلین دەکات .

پرۆفیسۆر : چ دەکەی ؟ .

مادلین : خەمت نەبێت ، هەموو شتێك لە جێگای خوێدا دادەنێم .

پرۆفیسۆر : تووشی بەڵای خۆم بووم . . . (بزە دەیگرێ) ناوت چی‌یە ؟

مادلین : مادلین . . ڕێگام دەدەن ئەوانەی سەرمێزەکەت . . . . . .

پرۆفیسۆر : ئۆه . . تکایە دەست دریژنەکەی بۆ ئەملا . . .

مادلین : ئەملا . . . هەر هیچ نەبێت تۆزی ئەم سەعاتە . . .

(سەعاتەکە هەڵدەگرێت)

ئەو کاتە پیشان دەدات کە لەگەڵ «ڤۆسۆن»دا ژوانیان پێکەوە هەیە . . مادلین لە جوولە دەکەوێت . . .

بۆ ئەوەی وای پیشان بدات کە نەشڵەژاوە دەپرسێ : ئەمڕۆ شەممە نی‌یە ؟ .

پرۆفیسۆر : نازانم . . . بەڵێ سبەی یەك شەممەیە ، منیش ئەم ئەکادیمی‌یە نەعلەتی‌یە . . . . . .

مادلین : شەممە . . . (دەڕوانێتە سەعاتەکە)

پرۆفیسۆر : (تەماشای مادلین دەکات ، کە چۆن سەعاتەکەی بە دەستەوە گرتوەو چووەتە ژێری) بۆ وا تەماشای سەعاتەکە دەکەیت . . . ئەگەر دەتەوێ بزانی سەعات چەندە ، ئەوا من بۆ ساڵێك دەڕوات ئەو سەعاتەم قورمیش نەکردووه ! . . .

* * *

لە نێوان دوو ئاڵای ڤیەتنامدا لافیتەیەك بەرزکراوەتەوە .

لەسەر لافیتەکە نووسراوە : «کۆماری ڤیەتنامی گەلی — سەربەستی — ئازادی» . . لەسەر حەسیرێکی چنراوی تریدا نووسراوە : «شۆڕشی ئازادی خوازمان پشتگیری ئەو جەنگە دەکات کە لە پێناوی ئاشتی‌دا بەرپابووە» .

هەروەها لەسەر لافیتەیەکی تری نووسراوە : «ژیانمان ، برنجمان بۆ سوپای گەلە» ئەم لافیتانە لە قەراغ ڕێگایەکدا داکوتراون . . ڤۆسۆن ، لەگەڵ چەند سەربازێکی تری‌دا وەستاون . خەڵکێکی زۆر ، بە ڕێگاکەدا تێدەپەڕن ، هەندێکیان گۆرانی دەڵێن ، زۆربەیان هەریەکەو یەکێ لەو سەبەتە دووتایانەیان بەسەر شانەوەیەو پڕن لە برنج ، ئەمانە خەڵکی گوندەکانن ، پایسکل سوارێکی زۆر تێکەڵ بە لادێ‌یەکان دەبن ، پایسکەلەکانیان بەلاوە دەنێن‌و پاڵ بە ئۆتۆمبیلێکی پڕ لە برنجەوە دەنێن . . . لادێ‌یەکان بەدەم ڕێوە گۆرانی دەڵێن ، . . . . .

ڤۆسۆن : (بەگوندی‌یەکان) مەرحەبا . . ئۆغرێ . . .

لادێ‌یەکان : مەرحەبا . . . مەرحەبا

ڤۆسۆن : خەڵکی کوێن ؟ .

یەکێکیان : خەڵکی (باك‌من)ین . . . لەو شاخانەوە برنجی «مام‌هو» دێنین . . برنج نی‌یە دانەی گەوهەرە . . نۆشتان بێت سەربازەکان .

ڤۆسۆن : هەر خۆشبن . . .

لادێ‌یەکان بەرەبەرە دوور دەکەونەوە . . .

ڤۆسۆن : (بەهاوڕێکەی) سەعات چەندە ؟

هاوڕێکەی : هێشتا ماومانە . . پاش دوو سەعاتی دیکە دەگەینە دێکە . . لەوێ‌دا وردو باریك هەموو شتێکت بۆ دەگێڕمەوە ، جا ئەوکاتە نەکو پێنج دەقیقە حەز دەکەی پێنج سەعات بیبڕ لە کچە فەرنسی‌یەکە بکەرەوە .

ڤۆسۆن : دەتەوێت پەستم بکەیت .

هاوڕێکەی : نەخێر . . بەڵام ڕەنگە ئەوەندە تۆ یادی ئەو

دەکەیت ئەو تۆی لە خەیاڵ نەبێت . . . .

لە ئاست مەرەزەکاندا خۆر ئاوابووە . . . تاریکایی سەر لە ئێوارە بەرەبەرە خەریکە دێیەکی گەورەی نیوە ڕوخاوی ڤیەتنامی دادەپۆشی . . . لە بەردەم قوتابخانەیەکی روخاودا ڤۆسۆنو دەستەکەی پشوو دەدەن . . . یەکێ لە سەربازەکان دێتەلای ڤۆسۆنەوە .

سەربازەکە : ئەگەر ماوەم دەدەی تاکو بازار دەڕۆم . .

ڤۆسۆن : بیستومە بازاڕی ئێرەکانە دوو دەرگای هەیە .

دەرگایەکی گەورەو یەکێ بچووك . ئەوەی خوێندەواری نەبێت لە دەرگا بچووکەکەوە دەبێ بڕواتە ژوورێ . بۆ ئەوەی هەر نەبێت سێ پیتی فێر دەکەن . .

سەربازەکە : دەزانم ، بازاڕی شارۆچکەکەی ئێمەشدا دەرگای نەخوێندەوارانی لێیە . .

بازاڕی گوند لەناو تاریکاییدایە ، خەریکی سەوداو مامەلەن ، لەبەر تاریکی بەباشی نازانرێت چ دەفرۆشرێو چ دەکرێ . .

ئافرەتێکی لادێی : تاکەی لەم تاریکاییەدا مامەلە دەکەن ؟

لاوێکی ڤیەتنامی : تا ئەو کاتەی فڕۆکەکانی فەرەنسا لە فڕین دەخەین .

بازاڕەکە . . . دەرگایەکی بچووكو یەکێکی گەورەی لێیە .

خەڵکەکە هەندێکیان لە دەرگا بچووکەکەوەو هەندێکیش لە دەرگا گەورەکەوە دەچنە ژوورەوە . . لەبەر دەرگا گەورەکەدا لاوێك ڕاوەستاوە . لەسەرەوەی دەرگاکە نووسراوە : «سەربەستی ، ئازادی» . . ئافرەتێك پاڵەپەستوویەتی خۆی ترازاندۆتە نێو قەرەباڵغەکەوە ، دەیەوێت بە دزییەوە بچێتە ژوورەوە .

لاوی تەنیشت دەرگاکە : پورێ ڕاوەستە ، بۆ پەلە دەکەی ؟ ! .

ئافرەتەکە : یانیچی پەلە دەکەی ؟ پەلە مەو لە ماڵەوە مەنجەڵم بەسەر ئاگرەوەیە . .

کابرایەك : ئەگەر ژنەکەی من مەنجەڵ لەسەر ئاگر دانێو بۆ بازاربێت . . . . . . .

ئافرەتەکە : چیت دەکرد ؟ ئەو ڕۆژانە بەسەرچوون (بەلاوەکە) ڕێگەم بدە با بڕۆم . .

لاوەکە : دەی بزانم ئا ئەوانە بخوێنەرەوە . .

کابرا : چۆن بووە تەڵەکەوە . .

ئافرەتەکە : تاریکەو چاوم نابینێ .

کابرا : بۆ دەرگاکەی تری ، دەرگا بچووکەکە ، دەرگای نەخوێندەواران ، دەی . . . .

ئافرەتەکە : باشە وا من دەڕۆم ، دەبا ئەمیش بیانخوێنێتەوە ، دە ئەمەش تاقی بکەرەوە .

کابرا : من مانگی پێشوو خۆم راهێنا .

لاوەکە : دەباشە ئێستا ئەمانە بخوێنەرەوە مامە . . .

کابرا : باشە . . ئێوە هەموو مانگێ شتێکی نوێ دەنووسن . مەگەر یەکێك دانشگای تەواو کردبێ بتوانێ ئەمانە هەمووی بخوێنێتەوە . . . .

ئافرەتەکە : دە وەرە . . تۆش لەگەڵ مندا وەرە . . ڕێکە . . !

ئافرەتەکەو کابرایەك لەناو قەرەباڵغەکەوە دەردەچن بۆ دەرگا بچووکەکە .

ڤۆسۆن خۆیودەستەکەی لە پێش قوتابخانەیەکی روخاودا پشوو دەدەن . لادێیەکی پیرەمێرد لەگەڵ ڤۆسۆندا قسە دەکات . .

پیرەمێردەکە : تۆ مامۆستای ها ؟ .

ڤۆسۆن : بەڵێ کاتی خۆی مامۆستا بووم .

پیرەمێرد : خۆ ئێستا لەبیرت نەچۆتەوە ؟ ! .

ڤۆسۆن : نەخێر لە بیرم نەچۆتەوە . . .

پیرەمێرد : مادام وایە . . لە بۆردومانەکەی ئەمجارەدا مامۆستاکەمان زامدار بوو . . دەبینی قوتابخانەکەشی روخا . . ئەمشەو تۆ دەرس بە منالەکان بلێرەوە . . . دەتوانی دەرسیان

هەواڵنامەی کتێب
&
KURD ARSHIV

پێ بڵێی . ؟ .

قۆسۆن : دەیڵێمەوە . . باشە لە کوێ ؟

پیرەمێرد : جێگا دەدۆزینەوە ، شوێنێکی هێمن و چەپ دەدۆزینەوە . . من دەڕۆم منداڵەکان کۆ دەکەمەوە .

پیرەمێردەکە دەڕوات . . هاوڕێکەی قۆسۆن پێدەکەنێ . . . . .

قۆسۆن : بەچی پێدەکەنی ؟ . . •

هاوڕێکەی : هیچ . . هین ، دڵگیر دەبیت . . . .

قۆسۆن : گوێی مەدەرێ ، بڵێ بزانم بەچی پێدەکەنی

هاوڕێکەی : کاتێ تۆ لەگەڵ پیرەمێردەکەدا قسانگ دەکرد سەعات پرسینەکەتم کەوتەیاد . . بەڵام قسەکەم پێ نەبرین . . .

قۆسۆن : (بزە دەیگرێ) هەموو جارێ ئاوام بەسەردێ ، هەموو جارێ کە ژوانمان لەگەڵ مادلین‌دا دەبوو ، ئاوا لەبیرم دەچوو . . . باکاتی ژوانم لەبیر دەرچێ ، بەڵام ئەو جێگای نێو دڵە . . . .

دارستانێکی تاریك

لە ناو دراستانەکەدا تەختایی‌یەکی رووت هەیە ، لەو تەختایی‌یەدا چەند چرایەك داگیرساوە . . هەر منالێك و چرایەکی بە تەنشتەوەیە . قۆسۆن منالەکان فێری ئەلف‌وبا دەکات منالەکان پیتەکان دەڵێنەوەو بە چوکلێك لەسەر قومەکەی دەنووسن .

لە دارستانەکەوە هەندێ جار چەند ئاژەڵێکی کێوی لۆز دەردەکەن و دەڕواننە منداڵەکان . منداڵەکان کە دەیانبینن پێ‌دەکەنن .

دەنگی گرمەی فڕۆکەیەك ، منداڵەکان و قۆسۆن و ئاژەڵی ناو دارستانەکەش بۆ چەند ساتێك لە جوولە دەخات . گرمەی تەقینەوەیەکی نزیك دەبیسترێ ، ئاژەڵەکان دەخزێنە نێو دارستانەکەوە .

قۆسۆن : (بەمنداڵەکان) چراکانتان بکوژێننەوە ! سەر دانەوێنن و خۆتان بە زەوی‌دا بدەن . نەترسن ! . .

چراکان دەکوژێنەوە . . . منداڵەکان لەسەر دەم خۆیان بە زەوی‌یەوە دەنووسێن . .

منالێك : ئەمان لەو ئاژەڵانە دڕندەترن . . . .

قۆسۆن : بەم زووانە لە ناویان دەبەین .

لە یەکێ لە بەندەرەکانی ڤیەتنام گەمی‌یەکی ئەمریکی لەنگەری گرتووە ژمارەیەك لە فەرەنسی‌یەکان پاسەوانی دەکەن و لە ژێر چاودێری ئەواندا باری گەمی‌یەکە دادەگیرێت ، باری گەمی‌یەکە چەك و تفاقی سەربازی‌یە . . سندووق گەورە گەورەن . . لەسەر سندووقەکان نووسراوە (U.S) کۆڵ هەڵگرەکان ڤیەتنامین . . . . گەمی‌وانەکان و سەربازو ئەفسەرە فەرەنسی‌یەکان قسەو قسەلۆك بە کۆڵ‌هەڵگرەکان دەبێژن . . . لە ناو سەربازە فەرەنسی‌یەکاندا پییەر دیارە . .

دوو کۆڵ‌هەڵگر بە «سلنگ» سندوقەکان دادەگرن . . . لە نێوان خۆیاندا چپە چپێکیان کردو بە چاو لە گەڵ یەکتردا دووان . . .

پییەر بە نارەوا لە کۆڵ هەڵگرەکان تورە بوو

پییەر : وریابن . . نابینن ، ئەوەندەی نەمابوو پێم بشکێنن . . !

ئەفسەرێکی فەرەنسی : (بەپییەر) کەمێ بەنەرمی لەگەڵیا بجولێرەوە . . کێ دەڵێ ئەوە برای خۆشەویستی خۆشکەکەت نی‌یە ؟

پییەر : ووتت چی ؟ !

ئەفسەرەکە :لەوانە برای دڵداری‌خوشکەکەت بـ . .

پییەر : ئێستا برای دڵدارەکەمت پیشان دەدەم .

(دەست دەنێتە بیناقاقای ئەفسەرەکە) .

دوو کول‌هەڵگرەکە کە خەریکی داگرتنی سندووقە گرانەکان بوون بە ئەنقەست و بە جوڵانەوەیەکی گورج سندووقەکە فڕێ دەدەنە دەریاکەوە . . دەنگی دوو دەست‌ڕێژ دوو کۆڵ‌هەڵگرەکە فڕێ دەداتە دەریاکەوە . . . پییەر دەست لە ئەفسەرەکە هەڵدەگرێت و تەماشای ئەو شوێنە دەکات کە

دەستڕێژەکەی لێوەکرا . . . ئەفسەرێکی فرەنسی دەستڕێژی لیّ کردبوون .

ئەفسەرە فرەنسی‌یەکە : ئەم سەگە زەردانە بە قەست سندوقەکەیان خستە دەریاکەوە . گەمی‌وانەکان پیّ‌دەکەنن .

گەمی‌وانێکی ئەمریکایی : ئۆل‌رایت . .

کۆڵ هەڵگرە ڤیەتنامی‌یەکان ترسیان لیّ نشتووەو رق‌و کینە لە دەم‌وچاویانا دیارە . . ئەفسەرە فرەنسی‌یەکە دەمانچەیەکی رووتی بە دەستەوەیە ، بە دەنگێکی بەرز داوایان لێدەکات : دەست بەکار کردن بکەنەوە . .

ئەفسەرە فرەنسی‌یەکە : دەی . . دەی . . وریابن ، ئەگینا هەمووتان دەردی ئەوانە بۆ دۆزەخ دەنێرم . .

(دەمانچەکەی هەڵدەگرێتەوە)«هانس» دەمانچەکەی دەردێنێ .

هانس ، بەسەر پردێکەوەیە ، ئافرەتە ڤیەتنامی‌یەکان بەسەر پردەکەوەن بەرەو ئەوبەر دەچن . . منالەکانیان بە باوەشەوەیە . ترس‌و شلەژاوی‌یان پێوە دیارە . .

«پییەر»و دەستەکەی لە قەراغ رووبارەکە وەستاون ، تەماشا ی پەڕینەوەی ئافرەتەکان دەکەن .

هانس : (بەسەر ئافرەتەکاندا دەقیڕێنیّ) . . ئەگەر دەتانەوێت خۆتان رزگار بکەن ، ئەوا کۆرپەی باوەشتان فڕیّ بدەنە رووبارەکەوە . . . دەی . . ئەوە چییە ؟ . . پێتان گران‌دیّ ؟ بڕوا ناکەم وابێت . (بەزۆر ئافرەتێك دەگریّ‌و منالەکەی لە باوەش دەسێنیّ) . . . تەماشا بکەن چ کارێکی ئاسانە . . یەك . . دوو . . سیّ ، هۆپ ! ! (منالەکە فڕیّ دەداتە رووبارەکەوە ، دایکەکەشی زریکەیەکی بۆ دەکات‌و بە دوای منالەکەیدا خۆی دەخاتە رووبارەکەوە . .

هانس : ئەوە چی‌یە ؟ خەریکی گیرەشێوێنین ؟

(ئافرەتەکان کورپەکانیان بە سنگەوە دەگوشن‌و خۆیان هەڵدەدەنە رووبارەکەوە . .)

هانس : ئای سەگینە ! . . (ئافرەتانی ناو.رووبارەکە بەر گوللە دەدات . . لە هەمان کاتدا دەنگ لە سەربازەکانی قەراغ رووبارەکە دەکات کە دەست‌بکەنەوە .)

سەربازەکان هەندیّ ئافرەت دەبینن کە بە پیّ‌مەلە لە قەراغ رووبارەکە نزیك دەبنەوە . دەستڕێژیان لیّ دەکەن‌و دەکەونە بن ئاوەکەوە . .

پییەر سەرسام دیارە ، واق ورماوە ، رەشاشێکی بە دەستەوەیە بەڵام تەقە ناکات . .

هانس لەپییەر نزیك دەبێتەوە .

هانس : ئەوە چی‌یە ؟ دەست گۆ ناکات تەقە بکەیت ؟ بۆ ، بۆ وا تەماشام دەکەیت ؟ من بە ناوی ئیمپراطورییەتی فرەنساوە ، بەناوی حکومەتەوە لێرەدا کار دەکەم . . زەمینە بۆ ئێوە خۆش دەکەم . . حکومەتەکەی تۆ منی بۆ ئەم کارە ناردۆتە ئێرە ، من کە (S.S) بۆ ئێرەی هەناردووم ، بۆ ئاسان کردنی کاری ئێوەی بۆ ئێرە ناردووم (بە سەربازەکان) وانی‌یە کورگەل ؟

چەند دەنگێك : بەڵیّ وایە . .

هانس : دەی لێدەن مارشی بەرەو پێشەوە لێدەن . . . .

* * *

دارستانەکە . . . کات ئێوارەیە .

ڤۆسۆن‌و دەستەکەی بەناو دارستانەکەدا ریّ دەکەن .

ڤۆسۆن : پاش دوو سەعاتی دیکە دەگەینە مەیدانی فڕۆکەخانەکە .

هاورێکەی ڤۆسۆن : لەوانەیە سەعات‌و نیوێکی تری بگەین . . جگەرەت پێیە ؟ . .

ڤۆسۆن : (جگەرەیەکی پیّ دەدات) بگرە ! . لەم کاتەدا جەنگاوەرانی کۆریام دەکەوێتە بیر .

* * *

هانس‌و هاورێکانی ریزیان بەستووەو بەرێوەوەن .

پییەر بە دەم رێکردنەوە بیر دەکاتەوە ، هانس لە پێشەوە دەڕوات‌و بە ئەڵمانی مارشێکی S.S دەڵێتەوە .

مارسیل : (بە پییەر) ئەوە بیر لە چ دەکەیتەوە ؟

پییەر : هیچ . .

مارسیل : گویّ بگرە . . . ئەگەر ئەم ڕووداوانەت بە دڵ نی‌یە بۆ هاتی ؟

پییەر : (بەسەر ئاماژە بۆ هانس دەکات) ووتەکانی ئەو مارشە کە ئەم نامەردە دەیڵێتەوە . . . .

مارسیل : ئەم مارشە ووتەی خۆی نی یە . . کاتیّ منیش لەگەڵ مارشاڵ «پەتین»دا کارم دەکرد ، ئێمەشیان فێری ئەم مارشە دەکرد . (مەتارەکەی بۆ درێژ دەکات) ناخۆیتەوە . . ویسکی ئەمریکی ! ! .

پییەر مەتارەکەی لیّ وەردەگرێت و دەینێتە سەرەوە .

مارسیل : ئەم ئەمریکایی یانە نەبوونایە نەفیشەك دەبوو بۆ تەقاندن نە ویسکیش دەبوو بیخۆینەوە . . . . .

* * *

شەوە . . لە دوورەوە تیشکی فرۆکەخانەکە دیارە .

ڤۆسۆن : (بەدەنگێکی نزم فەرمان دەدات) خۆتان بە زەوی‌دا بدەن .

هەموویان خۆیان بە زەوی‌یەوە دەنووسێنن

ڤۆسۆن : فرۆکەخانەکە وا لە لەبەردەممانداید ، بە سکەخشکیّ خۆمانی لیّ نزیك دەکەینەوە . . تا من نەڵێم دەست نەکەنەوە . . . وریای جوڵانەوەکانتان‌بن .

دەستەکە بە گوێرەی فرمانەکەی ڤۆسۆن بەرەو پێشەوە دەچن .

لە فرۆکە خانەکە فرۆکەکان بە تەنشتی یەکەوەن ، رووناکی پرۆجکتۆریّ هەندیّ جار ئەو دەورو بەرە رووناك دەکاتەوە .

چادری سەرۆکی فرۆکەخانەکە . . سەرۆك ، هانس ، پییەر ، مارسیل ، دوو فرۆکەوان . .

هانس : (کە قسە دەکات قیت ڕاوەستاوەو لە بارێکی ئامادەبووندایە)

ئێوە کە سەرکردەیەکی فرەنسین دەبێت وریابن ، بەڵام بە بڕوای من (بەدەست ئاماژە بۆ ترو سکایی یەك دەکات کە لەپشت فرۆکەخانەکەوە دیارە) ئەم دێیە زۆر لە فرۆکەخانەکەوە نزیکە ، مەترسی یەکی گەورەیە بۆ ئەم فرۆکەخانەیە . . .

سەرۆك : یانی چی ؟ .

هانس : دەبیّ ئەم مەترسی‌یە لە ناو بدرێت .

هانس : سەلام دەکات و دەردەچێت ، مارسیل دەکەوێتە دوای پییەر ، بەدەم بیرکردنەوەوە لە دوایانەوە دەردەچێت .

* * * * * * *

دەستەکەی ڤۆسۆن بە باشی لە فرۆکەخانەکەوە نزیك بوونەتەوە . تارمایی ئێشلك گرە فرەنسی‌یەکان دەبینرێت .

هاورێکەی ڤۆسۆن : (بەڤۆسۆن) تەماشا کە . . .

ڤۆسۆن بۆ ئەو شوێنە دەڕوانێت کە هاوری‌کەی ئاماژەی بۆکرد . دێکە ، ئاگری تێبەردراوە ، لە ناو قرچە قرچی ئاگرەکەدا دەنگی قیژەو هاوار دەبیسترێت .

ڤۆسۆن : (بەچپە) دێکەیان سووتاند ، وریای خۆتان‌بن ، لە خۆتانەوە هیچ مەکەن ، ئەوانەی گوێیان لێم نی‌یە ئێوە پیان‌بڵێن ، دەستەکە هەموویان چاویان بڕیبووە دێکە ، لێوی قینیان دەکروشت .

ئەوەی ڤۆسۆن وتی بە یەکتریان ڕاگەیاند ، رق‌وکینە وای لە هەندێکیان کردبوو خواخوایان بوو کەمیّ زووتر هێرش بەرن ، خۆیانیان پیّ ڕانەدەگیرا . . . قیژەو هاوارەکە تا دەهات زۆرتر دەبوو .

هانس فەرماندەی ئەو دەستەیەبوو کە دێکەی دەسووتاند ، هاوارو قیژەی منداڵ و ئافرەت و پیرەمێرد ئەو ناوەی هەراسان دەکرد . سەربازە فرەنسی‌یەکان و هانس شێت گیربوون .

پێش چادری سەرکردەکە . . . سەرکردەکەو پییەر تەماشای دێکە دەکەن . . هاوارو قرچەو نیلەنیلی ئاگرەکە دەگاتە لایان پییەر رەنگی هەڵبزرکاوە ، لە دوورەوە دەنگی هانس دەبیسترێت بە ئەڵمانی فەرمان دەدات .

پییەر : (دەچێتە بن دەست سەرکردەکەوە) گوێت لی‌یەها ؟ ئەم دەنگەم لەلا غەریب نی‌یە ! ! من جارێکی تری ئەم دەنگەم لە جێگاو کاتێکی تری بیستووە . . . کاتیّ کاتیّ لە فەرەنسا (S.S)ەکان دێکەی خاڵمیان سووتاندو باوکمیان کوشت . . . من ئەم فەرماندەیەم . . . رەنگە هەر هەمان فەرماندەیەش بێت ، کە دێکەمانیان سووتاند . هەر ئەو «هانس»ەیە . . . ئەی بەڵام لێت‌دا . . . بادەست لەم کردارە

هەڵگرێت . . فەرمان بدە ئەم کوشتارە ڕابگرێت . . .

سەرکردەکە : ئەوە چیتە ؟ شێت بووی ؟ .

پییەر : فەرمان بدە با ڕاوەستێت . نایدەی . . من پێی دەڵێم . . من (بە ڕاکردن بەرەو دێکە دەڕوات)

سەرکردەکە : ڕاوەستە . . بیگرن . . . ئەوە بگرن .

بە هاوار کردنو بە پەلە بەرەو دێکە دەڕوات .

پییەر : هانس . . . هانس . . . هانس . .

ئاوایی یە تالآنکراو سووتاوەکە . . .

پییەر لە قەراغ دێ‌کەدایەو بە دوای هانس‌دا دەگەڕێت .

پییەر : هانس . . هانس . .

پییەر کە هانس دەبینێ تاوی لێدەدات .

دەستەکەی ڤۆسۆن . . ڤۆسۆن لەپڕا هێرش دەباتە سەر ئێشک‌گرێکی فەرەنسی‌و دەیکوژێت . . لە هەمان کاتدا ئێشک‌گرەکانی دیکە بە هەمان دەرد دەبەن .

ڤۆسۆن : بۆ پێشەوە . . دەستەی ڕاست بۆ فرۆکەخانەکە ، دەستەی چەپ بۆ دێکە . . .

دەستەکەی ڤۆسۆن دەبنە دوو بەشەوە ، بەشێکیان لە مەیدانەکە دادەمەزرێن ، ڤۆسۆنو چەند کەسێکی دیکەش بەرەو دێکە دەڕۆن . . .

لە فرۆکەخانەکەدا شەڕ دەستی پێ دەکات . سەرکردەکە دەکوژرێت ، سەربازە فەرەنسی‌یەکان بەیەکا دێن ، فرۆکەکان دەسووتێن . . . .

فەرەنسی‌یەکان هەڵدێن ، ئەمانیش بەدوایانا . .

.گوندە سووتاوەکە . . . دەنگی تەقەو دەست‌ڕێژ لە فرۆکەخانەکەوە دەبیسترێت . سەربازە فەرەنسی‌یەکان سەریان سوڕدەمێنێ دێکە بەجێ‌دێلن . لەناو دێکەداو لە نێوان لەشی منداڵ‌و پیرەمێردو ئافرەتدا ، لاشەی هانس کەوتووەو پییەر بەسەر سەریەوە ڕاوەستاوە ، بە هەر چوارلادا چاو دەگێرێت ڤییەتنامی‌یەکان دێنە دێکە . ڤییەتنامی‌یەك پییەر دەبینێ تاوی لێدەدات . .

ڤۆسۆن : ڕاوەستە نەکەی ، نابینی خۆی بە دەستەوە داوە .

(لە پییەر نزیك دەبنەوە . پییەر وەکو شێت تەماشایان دەکات . . . ڤۆسۆن قۆڵی پییەر دەگرێت) .

پییەر : لێرەم دوور خەنەوە . . . ڕزگارم بکەن . . .

-٣-

مادلین ڕۆژنامەیەکی بەدەستەوەیەو لە ژوورەکەی (دوێران)دایە پرۆفیسۆر خەریکی چاك‌کردنەوەی هەڵەی چاپکراوێکی خۆیەتی کە لێی‌دەبێتەوە دەیداتەوە دەستی مادلین .

پرۆفیسۆر : تەواو . . دوا لاپەڕەی بەرگی یەکەم بەم جۆرە کۆتایی پی‌هات ئێ . . بەرگی یەکەمی کتێبەکەم چۆن دەبینی خانمە بچکۆڵەکە ؟ .

مادلین : زۆر بەسوودە .

پرۆفیسۆر : چەند جارم پێ وتووی ئەم وشەیەم پێ ناخۆشە .

مادلین : منیش پێم وتووی حەزم بەو شتانەدێ کە سوودیان بۆ خەڵکی هەیە .

پرۆفیسۆر : تۆ هەر ئەوە نی‌یە جوانبیت . . ، کەڵەڕەقیشیت

مادلین : بەشی دووەمی بەرگی یەکەمی کتێبەکەت لە بەشەکانی تری سادەو ئاسانترە . .

پرۆفیسۆر : مەبەست چی‌یە ؟ دەتەوێ بڵێی تۆ ڕێ‌نماییت کردووم ؟ چاوت بکەرەوە من خۆم چۆنم بوێت وا دەکەمو پێویستیم بەکەس نی‌یە ڕێگام نیشان بدات تێ‌گەیشتی .

مادلین : تێ‌گەیشتم . کەی دەست بە بەرگی دووەم بکەین ؟

پرۆفیسۆر : هەر ئێستا . .

مادلین: باشە ئەگەر ڕازی دەبیت بەرگی دووەمیش خۆم ڕێکی دەخەم .

پرۆفیسۆر : بێ‌گومان . . . چوونە سەر دێڕیشت لە بیر نەچێت .

مادلین : بە یارمەتیت . . ئا . . تەماشا کە ، جارێکی تری سەری مێزەکەت نارێك بووە .

پرۆفیسۆر : ببورە مادلین . . . سەرقاڵی . . .

مادلین مێزەکە ڕێك دەخات . پرۆفیسۆر بۆ ماوەیەك تەماشای مادلین دەکات . دواجار دەست بە کارکردنەوە دەکاتەوە . مادلین ڕۆژنامەکە لەسەر مێزەکە بەجێ دێڵێ‌و بە ئەسپایی دەچێتە دەرەوە . پرۆفیسۆر بەردەوامە لەسەر کارکردن‌و ئاگای لێ‌ی نی‌یە کە مادلین چووەتە دەرەوە ، دەست بە قسەکردن دەکات :

پرۆفیسۆر : مادلین بەراستی تۆ کچێکی جوانیت ، بەڵام بە داخەوە کە من تەمەنم بۆ شەست دەڕوات . نەخێر بەراستی پەنجاو نۆ . . . سوپاست دەکەم مادلین (سەر هەڵدەبڕێ مادلین لە ژوورەکەدا نەماوە) تازە تۆی دڵداری لە دڵمدا دەڕوێ . (چاوی بە ڕۆژنامەی سەرمێزەکە دەکەوێ ، دەست بۆرۆژ نامەکە دەبات) ئەمە چی‌یە ؟ . . ئەمەش وێنەی کچێکی نازدارە (چاو بە ڕۆژنامەکەدا دەخشێنێ) ئەمە چ جۆرە ڕۆژنامەیەکە ؟ (بەدەنگێکی بەرز) مادلین ، مادلین . . . . . . وەرە ڕۆژنامەکەت . . (جارێکی تری تەماشای ڕۆژنامەکە دەکات) دەربارەی من شت بۆ دەنووسن ! ! . . . . مادلین . . وەرە ئەم پروپاگەندەیە چی‌یە . . ؟

مادلین

(جارێکی تری ڕۆژنامەکە ئەمدیو ئەودیو دەکات) دواجار دایدەنێتەوە . . وێنەی «مارینا» لە ڕۆژنامەکەدا بڵاوکراوەتەوە . . هەمان وێنەی «مارینا» لە پێشانگایەکدا لە ڤیەتنام پیشان دەدرێت . ڤیەتنامی‌یەکان تەماشای پیشانگەکە دەکەن ، ڤۆسۆن‌و پییەرو چەند ئەسیرێکی فرەنسی تەماشای پیشانگاکە دەکەن . ڤۆسۆن لە پێش وێنەکەی «مارینا»دا ڕادەوەستێ . . .

ڤۆسۆن : (لەپییەر) من ئەم «مارینا»ە دەناسم‌و هاوڕێشمە ، لە فێستڤاڵێکدا یەکترمان ناسی مرۆڤێکی سادەو هۆشمەندە .

پییەر : لە فێستڤاڵەکەی بوداپێست یەکترتان ناسی ؟

ڤۆسۆن : بەڵێ ، هەر لەوێدا لەگەڵ کچێکی فرەنسی‌دا بووین بە هاوڕێ ، ئەویش زیرەك‌و هۆشمەندە . .

پییەر : کچێکی فرەنسی ؟ . . نازانم تۆم لە کوێ بینیوە ؟ .

ڤۆسۆن : وتت‌چی ؟ .

پییەر : هیچ . . دەڵێم لەو فێستڤاڵەدا لاوی دونیا لەوێدا کۆبووتەوە .

ڤۆسۆن : بەڵێ . . . (وێنەیەك دەردێنێ کە لە گەڵ «مادلین»دا پێکەوە لە فێستڤاڵەکە گرتبوویان . . هەمان ئەو وێنەیەیە کە لە ژوورەکەی مادلین هەڵواسرابوو) .

ئەمە ئەو کچەفرەنسی‌یەیە کە باسم‌کرد . . ناوی . . (مادلین)ە ئەمەش ئەدریسەکەیەتی . فرەنسی‌یەکانی دیکەش تەماشای وێنەکە دەکەن .

یەکێ لە فرەنسی‌یەکان : کچێکی جوانە

ڤۆسۆن : بەڵێ جوانە . . بەڵام گرنگ ئەوەیە وەکو یەك بیر دەکەینەوە . . . .

(بە پییەر) تۆش خەڵکی پاریسی . . بەڕێکەوت لەوێ نەتبینیوە . . . ؟

پییەر : پاریس شارێکی زرمەیە . . . نایناسم . . نەشم بینیوە .

ڤۆسۆن : ڕاستە . . بە هەرحاڵ . . (تەماشای وێنەکەی مارینا دەکاتەوە) مارینا هاوڕێی(مادلین) . ئێمەی ڤیەتنامی شانازی بە کەسانی وەك ماریناو مادلین دەکەین . . .

—٤—

ژوورەکەی مادلین . . . کات شەوە . . دایکی مادلین نووستوە .

مادلین‌و سێ لاوی هاوڕێی لەگەڵ یەکتردا چپە چپیانە . . . هەندێ بۆیەیان بە دەستەوەیە .

مادلین : بۆیەکە ئەمریکی‌یە . . .

لاوی یەکەم : فرچەکانتان ئامادە کردووە .

لاوی دووەم : هەموو شتێك ئامادەکراوە .

مادلین : بێ دەنگبن .

دایکە : نەخەوتووی مادلین ؟
مادلین : نەخێر دایە . . . دەخوێنمەوە .
دایکە : بە ڕۆژ تێر نابیت نۆبەی شەوتە . .
مادلین : تۆ بنوو . . خەمی منت نەبێت ، واچراکە دەکوژێنمەوە . . مادلین چراکە دەکوژێنێتەوە .
دایکە : خوا ئاگادارت بێت ڕۆڵە .
مادلین : تۆش . .
مادلینو هاورێکانی لە تاریکایی‌دا ڕاوەستاونو ورتەیان لێوە نایەت . زۆری پێ ناچێت دایکی خەوی لێدەکەوێ . دەست بە پرخەپرخ دەکات . چوار تارمایی بە ئەسپایی دەرگاکە دەکەنەوەو یەکە یەکە دەچنە دەرەوە . . .
کۆلانێك . . دونیا شەوە . . خانوویەکی گەورە دەبینرێت . لایەکی دەڕوانێتە سەر کۆلانێکی ترەوە . . چوار تارمایی بەسەر خانووەکەوە دیارن .
یەکێ لەلاوەکان : مادلین ئامادەی ؟
مادلین : ئامادەم مەترسن !
ناو قەدی مادلین بە قایشێك بەستراوەو دوو پەتیان لە بن باڵیەوە تێ‌هەڵکێش کردووە . قوتویەکی بۆیە بە دەستێکی‌یەوەیەو فرچەیەکیش بە دەستەکەی ترەوەیەتی .
لاوی دووەم : هەست بە مەترسی ناکەی . . .
مادلین : نەخێر
لاوی سێ‌یەم : دەبوایە ئەم کارە ئێمە ئەنجاممان بدایە
مادلین : من لە هەمووتان سووکترم .
لاوەکان بە ئەسپایی مادلین لە سەربانەوە شۆڕدەکەنەوە .
مادلین لەسەر دیوارەکە دەست بە نووسین دەکات .
دوو پیت دەنووسی‌و کەمێك بۆلای ڕاست دەیگوێزنەوە .
مادلین لەسەر نووسین بەردەوامە ، پەتەکان ئەوەندە دەسوێن لە دیوارەکە مەترسی پچڕاندنی لێ دەکرێت .
لاوی یەکەم : دەی . . تۆزێکی تری بۆلای ڕاست .
کە دەیجولێننەوە هەست دەکەن وا لایەکی خەریکە دەپچڕێ . . . مادلین خەریکە نووسینەکە تەواو دەکات .
لاوی دووەم : (شۆڕدەبێتەوەو تەماشای پەتەکان دەکات) فریاکەون لە پچڕاندندایە . . (دەست درێژ دەکات لە خوارترەوە دەیگرێت . . ئەوی تریشیان لە سەر دەم ڕادەکشێ‌و لە خوارتر وەکو هاوڕێکەی پەتەکە دەگرێت .
لاوی دووەم : مادلین زووکە . .
مادلین : وا دووا پیت دەنووسم .

* * *

پرۆفیسۆر لەگەڵ کابرایەکدایە
کابرا : دوایی بە قسەکانم دێنمو دەڵێم . . وا بزانم بڕوات بە قسەکانم هێنا . . بەرگی یەکەمی کتێبەکەت دوژمنان نانی پێوە دەخۆن . . بۆیە حەز ناکەین بەرگی دووەم دەربچێ .
پرۆفیسۆر : بەیارمەتیت .
کابرا : دەڕۆی ؟
پرۆفیسۆر : چوار سەعات لەسەر ئەم باسە دەکۆڵینەوە وابزانم هەردووکمان ماندووین .
کۆلانەکە . . . مادلینو هاورێکانی تەماشای نووسینی قەد دیوارەکە دەکەن لەسەر دیوارەکە نووسراوە «ئاشتیمان دەوێت» .
لە کۆلانێکی‌تری مادلین خەریکە لەسەر دیوارێکی تری دەنووسێ لەپڕ پرۆفیسۆر دەردەکەوێت ، هێواش هێواش نزیك دەکەوێتەوە .
مادلین خەریکی نووسینە . . قووتووەکەی دەستی بۆیەی کەم تێدا ماوە فرچەکەی تێدا دەگێڕێ . .
پرۆفیسۆر دەگاتە ئاستی مادلین . بۆ ماوەیەك تەماشای دەکات ، تاکو بزانێت خەریکی چی‌یە . دەیناسێتەوە . .
پرۆفیسۆر : مادلین . . ئەوە تۆی ؟
مادلین : ئاه . . داچەڵەکیم . . .
پرۆفیسۆر : لەسەر دیوارەکانیش هەر پیت ڕێك دەخەیت ،
مادلین : تۆ بەم نیوەشەوە لە کوێوە دێی ؟ لای کام دڵدارەوە ؟ . .
پرۆفیسۆر : ناهێڵن بەرگی دووەمی کتێبەکەم دەربچێت .

مادلین : کێ .

پرۆفیسۆر : سانسۆر .

مادلین : ئەی تۆ چ دەڵێی ؟ خۆ تۆ مەبەستت هاندانی خەڵکی نی‌یە ، رقت لە وشەی سوودبەخش دەبێتەوە . .

پرۆفیسۆر : ئەم جارە دەبێت بە جدی بیر لە مەسەلەکە بکەمەوە .

مادلین : بیری لێ‌بکەرەوە (قووتوەکەی بۆ درێژ دەکات) ئا ئەمە بگرە (قووتووەکە دەگرێت) . . تۆزێك لار بیگرە . . کەمێکی‌تری (پرۆفیسۆر قووتووەکە لار دەکاتەوە . مادلین فرچەکەی تێ‌وەردەدات .

هەم دەنووسێ‌و هەم قسەی لەگەڵ دەکات .) دەرکردنی بەرگی دووەمی کتیبەکەت «ئیهانەتە» بۆ فەرەنسی‌یەکان . . تێگەیشتی ؟ . ئیهانەت . . کەمێ لارتر . . . دەرکردنی . . . زۆر لاری مەکەرەوە . . . پێویستە (دەنگی شاوری پۆلیس دەبیسترێت) . . . قووتووەکەم بەرێ هاتن لەم ناوەدا نەمێنێ . . سبەی دێم بۆلات (لەسەر کۆلانەکە تارمایی دوو پۆلیس دیارە) . . ئەگەر دەتەوێت گۆڕەشار نەدرێت خۆت ونکە .

مادلین ، لە چاو ون دەبێت . . پرۆفیسۆر بۆ ماوەیەك تاس دەبیاتەوە ، دواجار دێتەوە سەر خۆی . . دەبینێ پۆلیسەکان وا بۆ لای دێن . . لەپڕ ئەمیش ڕادەکات . . پۆلیسەکان دێنە لای دیوارەکەوەو نووسینەکان دەخوێننەوە :

«نامانەوێت دونیا بکرێت بە گۆڕستان»

* * *

گۆڕستانی فەرەنسی‌یەکان لە ڤییەتنامدا . خاچی سەر گۆڕەکان لە تەختەو دار دروست‌کراون . . . ڤۆسۆن‌و پییەر لە گۆڕستانەکەدان . چەند هاوڕێ‌یەکی ڤۆسۆن‌و چەند سەربازێکی ئەسیری فەرەنسی‌و چەند ڤییەتنامی‌یەك . . .

ڤۆسۆن : ئەمە گۆڕستانی ئەو فەرەنسایی‌یانەن کە بۆ کوشتنی ئێمە هاتبوون . . بەم زووانە دەگەڕێنەوە وڵاتی خۆتان . . بەرەڵلاتان دەکەین تا بگەڕێنەوە نێو خێزانەکانتان . . کە ئەم جەنگە کۆتایی هات ، حەز دەکەین بگەڕێنەوە ، بەڵام وەکو دۆستێك بگەڕێنەوە . . ئێمە دوژمنی هیچ میللەتێك . نین . . حەز بە سەربەستی‌و خێرو خۆشی هەموو دونیا دەکەین . ئەمانەش بە خەڵکی فەرەنسا بگەیێنن . لەمە زیاتر هیچی کەمان ناوێت . .

یەکێ لە سەربازە فەرەنسایی‌یەکان دەگری .

پییەر لە ڤۆسۆن نزیك دەبێتەوە .

پییەر : هەر کە گەڕامەوە پاریس . . مادلین . . ناوی مادلین‌بوو ؟

هەول دەدەم بیدۆزمەوە . . ئەدریسەکەیم بەرێ زۆر پێ خۆشحال دەبم هەواڵی ئێوەی پێ ڕابگەیێنم . . .

ڤۆسۆن : سوپاستان دەکەم . . (لە گۆڕستانەکە دەردەچن دادەچەمێ گوڵێکی کێوی دەبڕێ) ئەمەی بەرێ . وشك دەبێتەوە بەڵام قەیناکە ، هەرچۆنێك بێ گوڵێکی ڤییەتنامە . .

—٥—

ژووری پرۆفیسۆر : پرۆفیسۆر خەریکی کارکردنە . . زەنگی تلفۆن .

پرۆفیسۆر : هالو . . بەڵێ پرۆفیسۆر دوێران . . بەڵێ خۆیەتی . .

نەخێر پرۆفیسۆر لە ماڵ نی‌یە ! . . من کێم من پرۆفیسۆر دوێرانم . . باڵیۆزی ئەمریکی دەیەوێ بمبینێ ؟ . . بۆ ؟ . . زۆر گرنگە ؟ . . باشە بە پرۆفیسۆر دەڵێم . . بەڵام باڵیۆزی ئەمریکی چی لە من دەوێت ؟ ! . . لە تلفۆندا ناوترێت ؟ باشە واهاتم (تلفۆنەکە دادەخات . . دەکەوێتە دەریای بیرکردنەوەوە) .

* * *

مادلین لە چاپخانەکەدایە . . دەنگی پرۆفیسۆر دەبیسترێت «دەمەوێ چاوم بە مادمۆزیل مادلین بکەوێت» یانی کاتی ئیش‌کردن ناتوانم ببینم ؟ . . من پرۆفیسۆر «دوێران»م

مادلین دەست لە کارەکەی هەڵدەگرێت . . زۆری پێ‌ناچێت هەردووکیان دەگەڕێنەوە .

پرۆفیسۆر : ئەم دەرگاوانە چ کابرایەکی گەمژەیە . . . دیارە

تازه هاتووته ئێره . . ئەوی تری بۆ کوێ چوو ؟

مادلین : نەخۆشه . . ئالێره دانیشه . .

سەرۆکی پیت ڕێکخەرەکه دێته ژوورەوه سەرۆکی پیتڕێکخەرەکه : به خێر بێن

پرۆفیسۆر : خۆشبن . . لەگەڵ باڵیۆزی ئەمریکیدا قسەم کرد

مادلین : پێی ووتی بەرگی دووەم چاپ‌مەکه ! .

پرۆفیسۆر : بەڵێ چۆن زانیت ؟

مادلین : تۆ دەڵێی چی ؟

پرۆفیسۆر : تۆ پەیوەندیت چی‌یه ؟ هەرچیم وت وتم . . . (ماوەیەك بێ‌دەنگی)

مادلین : (دەست بەکارکردن دەکاتەوه هەندێ جار به دەنگی بەرز پیتەکان لێدەدات) .

ئەوکاتەی خەریکی ڕامۆسانی یەکتر بوون ئافرەتەکه بەدزه دەمانچەکەی دەرهێنا . زرمه هەڵسا . کابرا خەڵتانی خوێن بوو . . بەو حاڵەشەوه ئافرەتەکەی ڕمانو دەستی له بیناقاقای توندکرد . . بەڵام بەره بەره له پەلو پۆو توانا دەکەوت . . . .

پرۆفیسۆر : شێت بووی چ دەڵێی ؟

مادلین : وەرگێرانی تازەترین ڕۆمانی ئەمریکی‌یه . . دەیانەوێ ئێمەش وەکو کەسانی نێو ئەم ڕۆمانه دڵداری بکەین .

پرۆفیسۆر : کارێکی نارەوایه (ڕۆژنامەیەك به تەنشتی‌یەوەیه) ئەمه چی‌یه ؟

تیپ ڕێکخەرەکه : ببورن . . ڕۆژنامەیه

پرۆفیسۆر : چ جۆره ڕۆژنامەیەکه (تەماشای ڕۆژنامەکه دەکات مانشێتەکان دەخوێنێتەوه) : «دەست له ڤیەتنام هەڵگرن» ، «بژی ئاشتی‌و سەربەخۆیی»

ئەمڕۆ پاریسی ئەم شیعارانه هەڵدەگرێت .

پرۆفیسور ڕۆژنامەکه دادەنێتەوه .

پرۆفیسۆر : ئەمڕۆ خۆ پیشاندانه ؟ .

مادلین : بەڵێ پاش سەعاتێکی تری دەست پێ‌دەکات . .

یەکێ له وێستگاکانی پاریس .

پییەر ، جانتایەکی به دەستەوەیەو له وێستگاکەوه دەردەچێت باران دەبارێت . .

پییەر گوێ به بارانەکه نادات‌و لەسەرخۆ ڕێ دەکات

یەکێ له کۆڵانەکانی پاریس .

باران دەبارێ . . . خۆ پیشاندەران سروود دەڵێن ، چەند لافیتەیەکیان بەرز کردۆتەوه . . له قەراغ ڕێگاکەدا خەڵکی زۆر ڕاوەستاون . . هەندێکیان چەپڵه لێدەدەن . . . پۆلیس خۆی ئاماده کردووه . . پرۆفیسۆریش له ناو خۆپیشاندەرەکاندایه . چەترێکی به دەستەوەیه . . مادلین به تەنیشتی‌یەوەیه

پرۆفیسۆر : ئەم سروودەم به دڵه .

مادلین : بۆ تۆش نایڵێتەوه ؟

پرۆفیسۆر : نایزانم فێرم بکه تا بیڵێم . .

مادلین ، یەکه یەکه ووشەکانی پێ دەڵێت . . زۆری پێ‌ناچێت سروودەکه دەڵێتەوه . . .

پییەر . . ڕاوەستاوه تەماشای خۆپیشاندەران دەکات دروشمێك سەرنجی ڕادەکێشێ .

«نامانەوێ ڕۆڵەکانمان له ڤیەتنامدا بکوژرێن» .

پییەر تەماشا دەکات تا بزانێت پۆلیسەکان چ دەکەن .

لەو کاتەدا چاوی به مادلین دەکەوێت .

پییەر : (بەدەنگێکی بەرز) مادلین

پییەر له نێو خۆپیشاندەرەکانەوه بەڕاکردن خوی به مادلین دەگەیەنێت . خۆی دەخزێنێته نێوان پرۆفیسۆرو مادلین‌ەوه دەستی مادلین دەگرێت . . مادلین ئاوڕ دەداتەوه

مادلین : پییەر ! ! .

پییەر : مادلین . . . . گەڕامەوه . . سۆراخی «ڤۆسۆن»م پێ‌یه له گەڵ گوڵێکی ئەوێدا .

پرۆفیسۆر تەماشای ئەم کابرایه دەکات که خۆی به نێوانیانا کردووه .

١ – پۆل ڕۆبسۆن : گۆرانی‌بێژی به ناوبانگی زنجی – و –

٢ – تیپی پاسەوانو پۆلیسی تایبەتی هتلر –و–